گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper16
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/07/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/10/2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: **29/06/2025**

# ڕوماڵی میدیایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا پێگەکانی "ئێن ئارِ تی" و "ڕوداو" بەنمونە – توێژینەوەیەکی شیکارییە

**هاوکار جەزا حەمەکەریم[١] - کارزان محەمەد ئەحمەد[٢]**
karzan.ahmed@spu.edu.iq - hawkar.jaza.h@spu.edu.iq
[١+٢]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەشێوازی مامەڵەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پرسی هەڵبژاردنی ساڵی (2021)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، خستنەڕوی شێوازی ڕوماڵکردنی لەکاتی دەستپێکی بانگەشە و بەڕێوەچونی پرۆسەی دەنگدان و قۆناغی ئاشکراکردنی ئەنجامەکاندا.
گرنگی توێژینەوەکە لەڕوی زانستیی و ئەکادیمییەوە لەوەدایە شرۆڤەی شێوازی مامەڵەو ڕۆڵی میدیای نوێ لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا دەکات، بەتایبەتی کە توێژینەوە لەچۆنییەتی مامەڵەی میدیاکان بەرامبەر بەپرسێکی گرنگی وەک هەڵبژاردن، توێژینەوەیەکی کەمی لەبارەیەوە ئەنجام دراوە، ئەمەش پێویستی بەتوێژینەوەی زیاترە سەبارەت بەرەهەندە جیاوازەکانی.
لە بەشی پراکتیکیشدا، توێژینەوەکە هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی مامەڵە و شێوەی ڕوماڵی میدیایی نوێ بۆ پرسی هەڵبژاردنەکان، تا لەو ڕێیەوە بتوانرێ میدیاکان کاراترو بەرپرسیارانەتر لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا مامەڵەبکەن و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن.
سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم هەواڵی پێگەکانی "ئێن ئارِ تی" و"ڕوداو" کە پەیوەستن بە پرسە هەڵبژاردن و بەپشتبەستن بەمیتۆدێکی وەسفی و شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆکیش تاوتوێکراون.
گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتییە لە: پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە بایەخیان داوە بەڕوماڵی پرسە جیاوازەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان بڵاوکردوەتەوە، پشتیان بەداتای کەسانی حزبیی و پەیامنێرەکانیان بەستوە. لەبەشێکی هەواڵەکانیاندا ئاماژەیان بەسەرچاوەی زانیارییەکان نەکردوە، ئەمەش کاریگەری لەسەرئاستی متمانەی پێگەکان لای وەرگر هەبوە.
**کلیلە وشەکان:** ڕوماڵی میدیایی – هەڵبژاردن - پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان – ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# The Media Coverage of the 2021 Iraqi Council of Representatives Election in the Kurdish News Websites NRT and Rudaw as Case Studies

## (An Analytical Study)

**Hawkar Jazaa Hama Karim[1]- Karzan Mohamed Ahmed[2]**

[1+2]Media Technique Department, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This paper is a scientific effort to research the handling of the Kurdish websites of the 2021 Iraqi Representatives Council Election. We look into their way of covering the news as the campaigns begun, the process, and the declaration of the results. The importance of this paper from a scientific and academic point is that it clarifies and simplifies the way the new age media handles elections, specifically in their behavioral patterns towards an important topic such as elections. Little has been written about this topic, as such more research is necessary to understand it from all its facets. And in the practical part, the paper tries to identify the way the new age media deals with elections. The results of this paper may be able to help the media better handle the importance of this topic so as to cover the process more responsibly and do their duty in a better way. The samples for this research are taken from NRT and Rudaw news agencies. All the news pertaining the are taken as examples. We attempt to explain and explore the news and its contents in a descriptive method. The most important results noted from this paper are: The sites taken as examples in the research covered many areas and different topics pertaining to the research. However, they also announced the results prior to the official statement by the Election Committee, as they had depended on data from biased individuals and/or their reporters. In some of their articles the sources have not been mentioned, which affects how well the reader may trust them.

**Keywords**: Media Coverage, Kurdish Websites, Election, Iraqi Representatives Council

## پێشەکی

میدیا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەیە لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا و لە پرسە سیاسیی و گشتییەکانیشدا بە تەواوی ئەو ڕۆڵەی دەردەکەوێت. هەندێکاتیش میدیا دەبێتە دەسەڵاتێکی بەهێز تا لەڕێگەیەوە ئاراستەی کۆمەڵگەی پێبکرێت و زۆر بەڕونی ئەو ڕۆڵەی لە بەرجەستە کردنی دەسەڵاتی چوارەمدا دەردەکەوێت.

سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئینتەرنێت و میدیایی ئەلیکترۆنی، دۆخی میدیایی بەجۆرێک گۆڕی کە بەشێوەیەکی زیاتر مرۆڤ بە شەپۆلە زانیارییەکان و هەواڵەکانەوە وابەستەکرد، ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیی بە میدیایی نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا کاراتر و کاریگەرتر کاربکەن و سەرەنج و بایەخپێدانی جەماوەر بۆ ڕوماڵی پرسە جیاوازەکان ڕابکێشن.

هەڵبژاردنیش وەک یەکێک لە گرنگترین چالاکییە سیاسییە گشتییەکان بەلای میدیا و جەماوەرەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە و جێگەی سەرەنجە، ئەوەش وا لە میدیاکان دەکات لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا جیاوازتر دەربکەون و گرنگی بە لایەنە جیاوازەکانی هەڵبژاردن بدەن و بایەخی زیاتر پێبدەن.

هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ یەکێکبو لە گرنگترین ڕوداوەکانی وڵاتەکە و بایەخێکی گەورەیی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پێدەدرا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوقۆناغە مێژوییە دەگەڕایەوە کە هەڵبژاردنەکەی تێدا هاتبوە ئاراوە، چونکە پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە کۆمەڵێك گۆڕانی گەورە و گرنگ لە ناوچەکە ڕویاندابو، وەک خۆپیشاندانە ملیۆنییەکانی ناوەڕاست و باشوری وڵات کە (بە خۆپیشاندانەکانی تشرین) ناسرا و گۆڕانکاریی گەورە لە سیستم و چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراق هاتەکایەوە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و یەکەم جاربو هەڵبژاردنی پێشوەختە لە وڵاتەکە ئەنجام بدرێت.

یاسای نوێی هەڵبژاردن لەلایەن چاودێران و ناوەندە پەیوەندی دارەکانەوە، بە قۆناغی یەکەمی نەهێشتنی حزب و پارتە بچوکەکان دادەنرا و لەلایەکی دیکەشەوە دەرکەوتنی کاندیدانی سەربەخۆ و تشرینییەکان ببوە هۆی گەرمکردنی کێبەرکێی هەڵبژاردنەکە و پەنابردنی پاڵێوراوان بۆ هەڵمەتی چڕوپڕ لەرێگەی جۆراوجۆرەوە.

کوردستانیش وەك هەرێمێکی فیدراڵی سەر بە عێراق، لە ئەنجومەنی نوێنەران مافی بونی نوێنەری هەیە و یەکێك لە سێ پۆستە سیادیەکانی وڵاتەکەش بەردەکەوێت، هەروەها شەڕی چەسپاندنی مافە دەستورییەکانی کوردستانیش لەرێی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یەکێکی تربو لە هۆکارەکانی گرنگیی و چارەنوسسازی هەڵبژاردنەکە.

پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان وەك هەردامەزراوەیەکی نێوکۆمەڵگەی کوردیی لە بەردەم ئەرك و بەرپرسیارەتیدا بون، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە هەستیارە. ئەمەش هۆکارێکی گرنگ و پربایەخە بۆ لێکۆڵینەوە لە مامەڵەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەگەڵ پرس و بابەتە جیاوازەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنەکە.

لەم سۆنگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازی (ڕوماڵی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١ لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شێوە و چۆنیەتی ڕوماڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ئەو بابەتە پەیوەندیدارانە بخرێنەڕو کە پێگەکان لە ماوەی (هەڵمەتی هەڵبژاردن، ڕۆژانی هەڵبژاردن، کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان) بڵاویانکردوەتەوە.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی ئەکادیمییانەیە بۆ چۆنییەتی ڕوماڵ و مامەڵەی میدیای نوێ لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کە ململانێی لایەنە سیاسییەکان دەگاتە دوا قۆناغی خۆی. گرنگی توێژینەوەکەش لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

- شرۆڤەی ڕوماڵی میدیا بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق کە کاریگەریی لەسەر چارەنوسی وڵاتەکەش هەیە.
- دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕوماڵی میدیای ئەلیکترۆنی لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن.
- دەستنیشانکردنی ڕێوشوێنێکی شیاو بۆ میدیای ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامەنوسان تا بەشێوازێکی سەرکەوتوانە ڕوماڵی پرۆسە سیاسییەکان بەتایبەت هەڵبژاردن بکەن.

هەروەها کۆمەڵێك گرنگیتری لەخۆگرتوە کە لەسەرجەم تەوەرەکانی توێژینەوەکەدا ڕەچاوکراوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆسیەیەکی گرنگی میدیای ئەلیکترۆنییە لە سەرەتای بانگەشەوە تا دوای تاوتوێ دەنگەکان و بەشداریی لە پارلەمان، هەربۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شرۆڤەیەکی ئەکادیمیانە بۆ شێوازی ڕوماڵی میدیایی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەهەڵبژاردنی (2021)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەردو پێگە "ئێن ئار تی" و "ڕوداو" بەنمونە وەرگیراوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: ئایا میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی بەچ شێوازێك و چۆن ڕوماڵی هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کردوە؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارەدا، توێژینەوەکە هەوڵی داوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری لاوەکیش بداتەوە:

1. ڕیزبەندی هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەماوەی هەڵبژاردنەکاندا چۆنە؟
2. بابەتە پەیوەستەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کامانەن کە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە؟
3. جۆری ئەو هەواڵانە چین کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بڵاویدەکەنەوە؟
4. ئەو سەرچاوە هەواڵییانە کامانەن کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا پشتی پێدەبەستن؟
5. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەکەن؟
6. تا چ ئاستێک پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان وێنەی گونجاو بۆ وێنەی سەرەکی هەواڵەکە هەڵدەبژێرن و کاپشن بۆ وێنەکە دەنوس؟
7. تا چ ڕادەیەک پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بایەخ بە توخمەجیاوازەکانی مەڵتی میدیا دەدەن و لە هەواڵەکاندا بەکاریدەهێنن؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەدا کۆمەڵێك ئامانجی لەخۆگرتوە:

1. زانینی شێوازی ڕوماڵی بابەتە پەیوەندیدارەکانی پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا.
2. دەستنیشانکردنی بابەتەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی (٢٠٢١)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بەمەبەستی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنیان.
3. دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەڕوماڵی هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەماوەی توێژینەوەکەدا.
4. دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتون لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ڕوماڵکردنی هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
5. دیاریکردنی جۆر و ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی مەڵتیمیدیا لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.
6. خستنەڕوی مۆدیل و ڕێبازێکی شیاو بۆ میدیای ئەلیکترۆنی تا بەدروستی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکاندا بکەن.

**جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە. فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک وەک ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان بەکارهێنراوە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێگەکانی "ئێن ئار تی"و "ڕوداو".

**نمونەی توێژینەوەکە**

ماوەی یەک مانگ نمونەی توێژینەوەکە خراونەتەبەر (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) کە لەو ماوەیەدا (هەواڵەکان)ی پەیوەست بە پرسی هەڵبژاردن وەرگیراوە و شیکراوەتەوە.

**بوارەکانی توێژینەوە**

**بواری بابەت**: سەرجەم ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە لەبارەی پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەردو پێگەی (ڕوداو و ئێن ئار تی) بڵاوکراونەتەوە.

**بواری کات**: بریتییە لە یەک مانگ کە لە (15ی ئەیلولی 2021) تا (14ی تشرینی یەکەمی2021) دەگرێتەوە.

**بواری شوێن**: لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، بابەتەکەش پەیوەستە بەڕوماڵی میدیایی هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، مشتەی توێژینەوەکەش دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

- ڕوماڵی میدیایی: پرۆسەی بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیارییە لەبارەی پرسێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی بەردەوام و چاودێریکردنی لەکاتی ڕودانی پێشهاتی نوێ و پەیوەندیدار بە پرسەکە.

- هەڵبژاردن: پرۆسەیەکە لەکۆمەڵە ڕێکارێکی یاسایی وەك: (نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، تۆمارکردنی پارت و پاڵێوراوەکان، بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕۆژانی دەنگدان، بڵاوکردنەوەی ئەنجامی فەرمی)، دامەزراوەیەکی فەرمی سەربەخۆ هەرچەند ساڵ جارێک بەڕێوەیدەبات.

- پێگەی ئەلیکترۆنی: مەبەست لێی ئەو پێگە هەواڵییە کوردیانەیە کە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت زانیاری لەشێوەی ناوەڕۆکی میدیایی جیاواز بەشێوەیەکی بەردەوام بڵاودەکەنەوە،

- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوەو نوێنەرایەتی گەلانی عێراق دەکات و خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە لە وڵاتدا، و لە (329) ئەندام پێکدێت.

**بەشی دوەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: چەمك و پێناسەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

پێگەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزارییەکی ئینتەرنێتە، لە چەندین لاپەڕە پێکدێت کە لەڕێگەی بەستەر (hyperlinks) پێکەوەبەستراون و زانیاری تێدا بڵاودەکرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەشدا مەبەستمان پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکانە نەوەك پێگەئەلیکترۆنییەکان بەگشتی. بۆ مێژوی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کە بناغەی وەرچەرخانێکی گرنگە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا.

بەگوتەی توێژەری ئیسپانی (ڕامۆن سیلڤیریا) سەرەتای پێکەوەبەستنی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کۆمپیوتەر بەبێ ئینتەرنێت بۆ ساڵی (1950) دەگەڕێتەوە، تاقیکردنەوەکەی کەناڵی (سی بی ئێس)ی ئەمریکی لە (4ی تشرینی دوەمی 1952) بەنمونە دەهێنرێتەوە، کاتێك کۆمپیوتەرییان بۆ هەژمارکردنی دەنگەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەکارهێنا. (Salavrria, 2019, 3).

پاشان ساڵی (1971) کۆمپانیای پەخشی بەریتانی ناسراو بە (BBC) داهێنانی خزمەتگوزاری تێکستی تەلەفیزیۆنی (Teletext) ڕاگەیاند، بەشێك لە شارەزایان بەیەکەم جۆری ڕۆژنامەگەری دیجیتاڵی (ئەلیکترۆنی) ناوی دەبەن، خزمەتگوزارییەکەش بریتی بو لەپێشکەشکردنی زانیاری لەسەرشاشەی تەلەفیزیۆنەکان. ئەم خزمەتگوزارییەش لەلایەن (BBC) لە ساڵی (1973)دا بۆ یەکەمجار بەناوی (Ceefax) پەخشکرا، پاش چەند مانگێکیش ( Britains Independent Broadcasting Au - throaty) سیستمێکی ڕکابەری بەناوی (Oracle) ڕاگەیاند.

لە هەنگاوێکی نوێدا یەکەم سیستمی ڤیدیۆ تێکس (Videotex) بەناوی (Prestel) دروستکرا، لەساڵی (1979) بەشێوەیەکی بازرگانی خرایە بازاڕەکانەوە و سەرنجی جیهانی ڕاکێشا. (Kawamoto, 2003, 32-37).

لەو کاتەدا سەرجەم لێکۆڵینەوەکان لەبارەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان دەدوان لەسەر تەلەفیزیۆن کە وەك میدیای سەرەکی ئەلیکترۆنی دەناسێنرا. (Salavrria, 2019, 3).

(ڤیدیۆتێکس گۆڕانی زۆری بەسەرداهات و تێچویەکی زۆریشی هەبو، کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیای میدیا بەردەوامبون تا ساڵی (1986)، پاش ئەو مێژوە وازیان لەو خومەتگوزارییە هێنا، تەنها دو سیستەم هەر بەردەوامبون کە بریتیبون لە: (Fort Worth Star-Telegram) کەبە (Startext) ناسێنرا لەگەڵ کۆمەڵەیەك کە لە (IBM and CBS) چەند کۆمپانیایەکی دیکە پێکهاتن و خزمەتگوزارییەکەیان ناولێنا (Trintex)کە خاڵی جیاکەرەوەیان لەگەڵ ڤیدیۆتێکسە کلاسیکییەکان ئەوەبو، ستار تێکس و ترایند تێکست بۆ کۆمپیوتەرەکان دیزانین کرابون نەوەك تەلەفیزیۆنەکان ئەمەش وایکرد، خزمەتگوزاری سەرهێڵا بگاتە کۆمپیوتەرەکان. (Kawamoto, 2003, 31-41).

ئەگەرچی ناتوانرێ بەشێوەیەکی ورد مێژوی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دیاری بکرێت، بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە ڕۆژنامەی (هێلزنبێرگ داگبلاد)ی سویدی یەکەمین ڕۆژنامەیە لەجیهاندا کە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەساڵی (1990) بڵاوکرابێتەوە بەبێ بونی چاپی کاغەز. (کنعان، 2014، 13). بەشێکی دیکە لە توێژەران یەکەم دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بۆ ساڵی (1992) دەگەڕێننەوە کە لە هێڵی ئەمریکەن ئۆنلاین (AOL) بەناوی "Chicago Online" بڵاوکرایەوە. ئەم پێگە ئەلیکترۆنیانە ڕۆژنامەکەیان تەنیا بەشێوەی (PDF) بڵاوکردوەتەوە، واتە پێگەی ڕاستەقینە نەبون، تەنانەت نەیانتوانیوە ڕوداوە نوێیەکانیش بڵاو بکەنەوە. (محمد، 2014، 59).

یەکەم وێبسایتی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لەسەر ئینتەرنێت، لەساڵی (1993) لە زانکۆی فلۆریدا بڵاوکرایەوە. ناوی وێبسایتەکەش(Palo Alto online) بو، لە ساڵی (1994) وێبسایتی (Palo Alto Weekly) خرایە سەر وێبسایتی یەکەم. بەم جۆرە یەکەم ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە. (صادق، 2005، 89). توێژەری ئەمریکی (دەیڤد کارلسۆن) ئاماژەیە بەوە دەکات لە هەمان ڕۆژدا لە (19ی کانونی یەکەمی 1994ز) یەکەم هەواڵ لە تۆڕی فراوانی جیهانی "وێب " Web بڵاو کرایەوە. (Kawamoto, 2003, 50).

دیاریکردنی مێژوی سەرهەڵدانی پێگەی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان ئاسان نییە، چونکە لە سەرەتادا دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان تەنیا لە پێگەکانی خۆیان ڕۆژنامە کاغەزییەکانیان بەشێوەی (PDF) بڵاوکردوەتەوە. (محمد، 2014، 76). واتە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەو جۆرەی ئەمڕۆ نەبو، بەتێپەڕبونی کات شێوەی تایبەت بەخۆیان وەرگرت و پێگەی ئەلیکترۆنی سەربەخۆ واتە بەبێ چاپی کاغەز دامەزران.

سەرەتا دامەزراوە حکومی و حزبییەکان دەستیان بەخزمەتگوزاری ئینتەرنێت گەیشتوە، بۆیەکەمجار ڕۆژنامەی خەبات لە (یەکی تشرینی یەکەمی 1996) یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنی بە فایلی (Pdf) بەشێوەی ئەزمونی لەسەر وێبسایتی (www.xebat.net) بڵاوکردەوە، پاشان لە (یەکی کانونی دوەمی1997ز) بڵاوکردنەوەی ئاسایی دەستپێکرد. (فەرهادی، 1998، 18). بۆیەکەمجار لەشاری سلێمانی و لە مانگی تشرینی دوەمی (2000)دا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ چاپی ئەلیکترۆنی خۆی لەسەر وێبسایتی (www.pukmedia.com) بڵاوکردەوە. (فەوزی، 2004، 6).

لەدەرەوەی کوردستان، چەندین هەوڵ دراوە وەك ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (کلاورۆژنە) و (کوردستان نێت) کە ئەوەی دوەمیان لە (13ی ئابی 1999) لە وڵاتی هۆڵەندا یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنی بڵاوکردەوە، بوارێکی فراوانی بۆ دەربرینی ڕاجیاوازەکان تەرخان کرد، لەلایەن (عومەر فارس) بەڕێوەدەبرا، ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسەران بۆ ڕۆژنامەکەیان دەنوسی و لەناوەوەی کوردستانیش پەیامنێری هەبو، بابەتەکانی تەنها بەزمانی کوردی بڵاو دەکرەوە. (حمە صالح، 2008، 189-191).

ئێستاشدا ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لەروی تەکنیك و چەندێتییەوە لەوپەڕی ئاستیدایە، میدیای تایبەتمەندیش بەبوارە جیاوازەکان سەریهەڵداوە.

پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی "Web " وەك هەر بوارێکیتری تەکنەلۆژی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، چەندین پێناسە و تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر هەیە، بەچەندین شێواز پێناسەی بۆ کراوە، بەگشتی دابەش دەبن بۆ دو جۆر پێناس، یەکەمیان خۆی لە پێناسەی لایەنی تەکنیکی و دوەمیشیان لەڕوی پیشەییەوەیە.

پێگەی (Merriam, Internet) بەم جۆرە پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی کردوە،"گروپێك لاپەڕەی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە لە (hyperlinks) پێکهاتون و پێکەوە بەستراون و بەشیچوەی سەر هێڵ بەردەستن، دەربارەی تاکەکەس، کۆمپانیا، دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن، حکومەت یاخود دامەزراوە و ڕێکخراوەکانن".

تۆڕی فراوانی جیهانی (WWW) گرنگترین و پڕبایەخترین بەشی ئینتەرنێتە کە (وشە، گرافیك، ڤیدیۆ و دەنگ) و ڕەنگ و ریکلامیشی تێدایە، دەتوانرێ بەرنامەکان و نوسینەکانی داونلۆد بکرێت، ئەم تۆرە ئینتەرنێتی ڕێکخستوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وشە یان دەستەواژەیەکەوە بەدوای زانیاری یان هەربابەتێکی تردا بگەڕێین. (فانگ، 2009، 370).

پێگە ئەلیکترۆنییەکان چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش بە وەرگرانیان دەکەن لەوانەش:

- خزمەتگوزاریی گەڕان بەدوای هەواڵ و زانیاری لەنێو تۆڕی ئینتەرنێتدا.
- خزمەتگوزاری هاوبەشیکردن لە ڕۆژنامەکە یان لە هەواڵ و زانیارییەکی دیاریکراودا.
- خزمەتگوزاریی هەواڵ و زانیاری خێرا و ڤیدیۆ و وێنەی جۆراوجۆر. (تاڵەبانی و ڕێشاوی، ٢٠٢٠، 94-95)
- خزمەتگوزاری کارلێکی: کارلێککردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیار و گرنگەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندیکەر و بەکارهێنەرانی دیکە ئەنجام بدات:
- خزمەتگوزاری سەرنجدان لەسەر ناوەڕۆک.
- گروپی دیالۆگ یان مەکۆی گفتوگۆ.
- خزمەتگوزاری چاتی ڕاستەوخۆ.
- خزمەتگوزاری ڕاپرسییەکانی بۆچون.
- خزمەتگوزاری پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیمی پێگەی ئەلیکترۆنی.
- خزمەتگوزاری دروستکردنی بلۆگ و لاپەڕەی بابەتەکانی دڵخواز.
- خزمەتگوزاری هاوبەشکردنی بەرهەمەکانی وەرگر، لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان.
- خزمەتگوزاری گەڕان و ئەرشیف.
- خزمەتگوزارییە هەمەڕەنگەکان: پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری دیکە پێشکەش دەکەن، وەک زانینی کەش و هەوا، نرخی پشک و دراو، دابینکردنی ژمارەی تەلەفۆنی ناوخۆیی، دەستڕاگەیشتن بە فەرهەنگ، فەرهەنگ و کتێبخانەی ئەلیکنرۆنی، لیستەی پۆست، خزمەتگوزاری مۆسیقا، سینەما و بەڵگەنامەی دیجیتاڵی، و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر خزمەتگوزارییەکانی وەک گەڕان بەدوای شوێنی بەتاڵ خزمەتگوزاری یارییەکان، دروستکردن و ناردنی کارتی بانگهێشتنامە و پیرۆزبایی، خزمەتگوزاری نەخشەی شار یان ڕێبەر، خزمەتگوزاری شوێنەوار و شوێنە

گەشتیارییەکان، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە حجزکردنی بلیتی گەشت و فڕۆکەوانی، جگە لە خزمەتگوزاری بارکردنی فایل، و گۆڕینی قەبارەی دەق بە ڕێژەی بەکارهێنەر و ئەو ئامێرەی کە بەکاری دەهێنێت. (التميمي و عبدالاله، 2018، 236-238).

**دووەم: پرۆسەی ڕوماڵی میدیایی**

ڕوماڵکردنی میدیایی (التغطیة الاعلامیة) لە فەرهەنگی (المحیط و لسان العرب)دا چەمکی ڕوماڵکردن (تغطیة) بۆ واتای پاراستن (الستر) دەگەڕێتەوە، یاخود بەمانای پۆشینی شتێک یان پاراستنی دێت، ئەوەی مەبەستە لە جیهانی میدیادا، نوسین و بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ ڕوداوەکە (غطی الحدث) یان وێنەگرتن و پەخش و بڵاوکرنەوەی ڕوداوێکە، لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە ڕوماڵکردن، ئامانج لەم پرۆسەیەش بەخشینی زانیارییە لەبارەی خودی ڕوداوەکە و بڵاوبونەوەی لەلای جەماوەر. (عبداللە، 2016، 7).

لە فەرهەنگی "الصحاح" وشەی (Coverage) ئینگلیزی بەرامبەر بە "التغطیة" هاتوە، بەمانای "هەوڵدان بۆ ڕوپۆشکردنی ڕاستییەکان" یان داپۆشینی. (الحمداني، 2012، 12).

لە فەرهەنگی "The Britannica Dictionary"وشەی (Coverage) واتا چالاکیی ڕاپۆرتکردن لەسەر ڕوداوێک یان بابەتێک دێت لە ڕۆژنامە یا بەرنامە هەواڵییە تەلەفزیۆنییەکان. (Britannica, Internet).

ڕوماڵی پرس و بابەتەکانی کۆمەڵگە بەیەکێکە لە چالاکییە سەرەکییەکانی کاری میدیایی دادەنرێت و توێژەران پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردوە. (د.فاروق ئەبو زەید) ڕوماڵی میدیایی بەڕوماڵی هەواڵ ناوبردوەو نوسیویەتی، "پرۆسەی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری و وردەکاری ڕوداوێکی دیاریکراو و هەمو ئەو زانیارییە پەیوەستانەیە بە ڕوداوەکەوە، کە وایلێدەکات شیاوی بڵاوکردنەوەبێت". (أبو زید، 1981: 255).

بەپێی بۆچونێکیتر، ڕوماڵی میدیایی بە ڕوماڵی هەواڵ ناوبراوە و بەمشێوەیە پێناسەکراوە،"ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە ڕۆژنامەنوس لەڕێگەیەوە زانیاری لەسەر پێشهاتەکان و وردەکارییەکانی پەیوەست بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕوداوەکە و ڕاستی و لێدوانەکان لەسەر بابەتەکە بەدەست دەهێنێت، هەروەها سەرجەم ماددە هەواڵییەکەیان هەڵدەسەنگێنێت و بەشێوەیەکی ڕۆژنامەوانی گونجاو ڕێکیاندەخات، ڕۆژنامەنوس لەماوەی دەستڕاگەیشتن بە داتا و وردەکاری ڕوداوەکەدا، دەست دەکات بە تۆمارکردنی کورتەیەک لە هۆکارەکانی ڕوداوەکە و شوێنی ڕویداوەکە و، ناوی ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشدارن و چۆنیەتی ڕودانی ڕوداوەکە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە وا لە ڕوداوەکە دەکەن خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ بڵاوکردنەوە". (الحتو، 2012، 186).

**سێیەم: جۆرەکانی ڕوماڵی میدیایی**

سەبارەت بە جۆرەکانی ڕوماڵی میدیایی، چەندین جۆر پۆلێن بۆ جۆرەکانی ڕوماڵی میدیاکان لەلایەن توێژەرانەوە خراوەتەڕو. بەگشتی بۆ دو جۆر پۆلێن دەکرێت کە بریتیین لە: (ڕوماڵی میدیایی لەڕوی کات، ڕوماڵی میدیایی لەڕوی ناوەڕۆکەوە).

چەندین پۆلێنیتر بۆ جۆرەکانی ڕوماڵی میدیایی کراوە، وەك:

أ: ڕوماڵی میدیایی لەڕوی کاتەوە

**یەکەم**: ڕوماڵی پێشوەخت و دەستپێک: لەکاتێکدا ئەنجامدەدرێت هێشتا ڕوداوەکە ڕوینەداوە بەڵام ئاماژە بۆ ئەگەری ڕودانی هەیە و چاوەڕوانی ڕودانی دەکرێت، وەک ڕوماڵی سەرکەوتنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا. توێژەران پێیانوایە ڕوماڵەکە سەرکەوتو نابێت ئەگەر وەڵامی ئەم شەش پرسیارە بۆ وەرگر دەستەبەر نەکات، کە بریتین لە: (چی

ڕودەدات؟ کێن ئەو کەسانەی هاوبەشن و ڕۆڵیان لەم ڕوداوەدا هەیە؟ لەکوێ ڕودەدات؟ کەی ڕو دەدات؟ بۆچی ئەوە ڕودەدات؟ چۆن ڕودەدات؟). (هیبة، 2006، 95-96).

**دوەم**: ڕوماڵی میدیایی تۆمارکراو یان ڕاپۆرت: پابەندە بە گواستنەوەی زانیاری و وردەکاری ڕوداوێک کە پێشتر ڕویداوە وەك ڕاگەیاندنی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرێک، سەردانی سەرکردەیەک بۆ وڵاتان، یان کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی لەبارەی ئاماری ڕوداوەکانی هاتوچۆ.

**سێیەم**: ڕوماڵی چاودێری یان بەدواداچون: لەم جۆرەدا میدیاکان چاودێری دواپەرەسەندنەکانی ڕوداوێک دەکەن، بەدواداچون بۆ وردەکاری ڕوداوەکان دەکرێت و سەرجەم گۆڕانکارییەکان بۆ وەرگر دەگوازننەوە، و زانیارییە نوێیەکان پەیوەست دەکەنەوە بە زانیارییەکانی پێشتر. (الحمدانی، 2012، 16).

ب: ڕوماڵی میدیایی لەڕوی ناوەرۆکەوە

**یەکەم**: ڕوماڵکردنی بێلایەنانە Objective news reporting: ڕۆژنامەنوس بەشێوەییەکی بابەتییانە ڕاستی ڕوداوەکان دەخاتەڕو کە دورە لە بابەتی لایەنگری و ڕاڤەکردن.

**دوەم**: ڕوماڵکردنی لێکدانەوە Interpretative news reporting: ڕۆژنامەنوس بەشوێن ئەو زانیارییانەدا دەگەڕێت کە دەبنەپاڵپشت لەگەڵ ڕاستییە بنەڕەتییەکانی ڕوداوەکە، بەمەبەستی لێکدانەوە یان ڕونکردنەوەی هەواڵەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو هەمو وردەکارییەکانی تێدایە.

**سێیەم**: ڕوماڵی لایەنگرانە Advocacy News reporting: ڕۆژنامەنوس سەرنجی لەسەر یەک ڕەهەندی دیاریکراوی هەواڵەکەیە و هەندێک لە ڕاستییەکان لادەبات، بۆچونەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕاستی ڕوداوەکان دەکات بە ئامانجی شێواندنی هەواڵەکان. (الحمدانی، 2012، 16).

**چوارەم: تایبەتمەندییەکانی ڕوماڵی میدیایی**

ڕوماڵی میدیایی هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە، دیارترین بریتین لە:

**1-بابەتیبون**: دورکەوتنەوەیە لە تێکەڵکردنی ئارەزوی کەسی و هەستوسۆز لە گواستنەوەی ڕوداوەکاندا، ڕوماڵکردنەکە وێنایەکی هاوسەنگ لە ڕوداوەکەوە دەخاتەڕو.

هاوسەنگیش لەسەر ئەم بنەمایانە دێتەدی:

-هەڵبژاردنی سەرچاوەی هەواڵی گونجاو

-هاوسەنگی جوگرافی و جۆرایەتی

-هاوسەنگی لە چۆنایەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەسەرەکییەکانی هەواڵ. (علي، 2021، 16).

**2-ڕاستیەتی و وردی**: ئەم دو تایبەتمەندییە پێویستە لە ڕوماڵی هەر ڕوداوێکدا ڕەچاوبکرێت، بەمانایەکیتر پێویستە ئەو زانیارییانەی لە ڕوماڵەکەدا دەخرێنەڕو، ڕاستەقینە و وردبین بێت.

**3-سیاسەتڕێژی دەزگا میدیاییەکان**: ئەم خاڵە پەیوەستە بە خاوەندارێتی و تایبەتمەندێتی میدیاکە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی هەوڵ لەپێناویدا دەدات. سیاسەتی دەزگا میدیاییەکان بەڕێژەیەکی بەرز کاریگەریی بەسەر ئەوبابەتانەوە دەردەکەوێت کە هەڵیاندەبژێرێت و کاریان لەسەر دەکات، لە چۆنییەتی دارشتنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتەکەدا، ئەو بابەتانەش وەلادەنێت کە ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتی میدیاکەدا.

**4-دارشتنەوەی زمانەوانی**: پرۆسەی دیاریکردنی گونجاوترین و پرماناترین وشەو دەستەواژەیە بۆ ڕوماڵکردنی پرس یاخود بابەتێك.

**5-گشتگیری و تەواوکاری**: تایبەتمەندییەکی گرنگی ڕوماڵکردنی میدیاییە، بەواتای زانینی هەمەلایەنەی پاشخانی ڕوداوەکەو وردەکارییەکانییەتی. (فيضي، 2016، 51-52).

**6-سادەیی و ڕونی** : تایبەتمەندییەکی هەواڵی ڕۆژنامەوانییە، بەمەرجێك لەسەر حسابی ڕاستییەکان نەبێت. ڕونی لە ڕوماڵکردنی زانیارییەکاندا، دەبێتەهۆی مانەوەی وەرگر لەگەڵ تەواوی ڕوماڵەکەدا. (کمال الدین، 2007، 49).

**پێنجەم: هەڵبژاردن**

لە بارەی چەمکی هەڵبژاردن لەزمانی کوردیدا، (حەسەن قزڵجی)ی زمانەوانی کورد لەلێکۆڵینەوەیەکدا دەڵێت: هەڵبژاردن لە پێشگری (هەڵ) و وشەی (بژاردن) کە لە بنەڕەتدا وشەکە (بژردن) بوە پێکدێت و بەمانای (انتخاب)ی عەرەبی دێت. (قزڵجی، ئینتەرنێت).

هەڵبژاردن بەرامبەر بەوشەی (الانتخابات) لە زمانی عەرەبیدایە، بەگوێرەی فەرهەنگی (لسان عرب)یش (انتخاب) لە کرداری (نخب)وەرگیراوە. بەواتای ئەوەی شتێکی هەڵبژارد یان دیاریکرد. (النخبة)یش بەواتای ئەوە دێت ئەو شتەی لێی هەڵبژاردوە لە کەسە تایبەت و باش و(دەستە بژێر)ەکانە، (الانتخاب) یش واتە هەڵبژاردن و دیاریکردن لە دەستەبژێر(النخبة). (محمد، ئینتەرنێت).

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی هەڵبژاردن (Election) بەکاردەهێرێت کە هاومانایە لەگەڵ وشەی ئازادی هەڵبژاردن، لە وشەی (Elect) هەڵدەبژێرێ وەرگیراوە. (عبد العال، 2017، 14).

هەڵبژاردن وەک زاراوەیەکی سیاسی لە "فەرهەنگی زانستی سیاسی"دا بەو پرۆسەیە دادەنرێت، کە خەڵک کەسێک یان چەند کەس ناوزەد دەکەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێکی دیاریکراو. هەروەها بەمانای هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانە بۆناو ئەنجومەنی نوێنەران. (شەبانی، 2010، 338). بەگوێرەی " القاموس السياسي" هەڵبژاردن بریتییە لە دیاریکردنی کەسێک لە نێوان ژمارەیەک پاڵێوراودا بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو گروپە بکات کە لایەنگیریەتی، هەڵبژاردن مافێکی گشتی هاووڵاتیانە و بۆ هیچکام لە دەستەڵاتەکانییە ڕێگری لە پیادەکردنی ئەو مافەبکات مەگەر یەکێک لەمەرجەکانی (تەمەن و عەقڵ) نەچەسپێت یان تاوانبار کرابێت بە تاوانێک یان حوکمدرابێت، جگە لە مەرجە نەتەوەیی و ڕەگەزنامەییەکان. (عطية الله، 1968، 192).

چەمکی هەڵبژاردن لەلایەنە جیاوازەکانەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە، هەندێک پێیانوایە: ڕێکخستنێکی یاساییە بۆ ڕەوایەتیدان بەپیادەکردنی دەسەڵات بەناوی گەلەوە، دەسەڵاتێکە لەڕێگەی یاساوە بەخشراوە بەبەشێک لە هاووڵاتیان کە دەستەی دەنگدەران پێکدەهێنێت، بۆ بەشداریی لە ژیانی گشتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا نوێنەرایەتی لەڕێگەی ئاشکراکردنی ئیرادەی خۆیان بۆ دانانی فەرمانڕەواکان و بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت. (المسیعدین، 2015، 3).

لە پێگەی (Oxford Constitutional Law) کە تایبەتە بە خزمەتگوزارییە یاسایی و دەستورییەکان، بەمشێوەی پێناسەی هەڵبژاردن هاتوە: بریتییە لە پرۆسەیەک کە بانگهێشتی هاووڵاتیان دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ ئەوەی بڕیاری گرنگ لە بەرژەوەندی خۆیاندا بدەن، بە پێی پرەنسیپی نوێنەرایەتی سیاسی و بڕیار لەسەر بابەتە تایبەتەکان بدەن. گرنگە جیاوازی لە نێوان فۆرم و جەوهەری هەڵبژاردندا بکرێت؛ لە هەندێک حاڵەتدا فۆرمی هەڵبژاردن ئامادەیە بەڵام جەوهەری هەڵبژاردنێک نەماوە. کاتێک هەردو فۆرم و جەوهەر ئامادەبن، دەتوانرێت هەڵبژاردنێک بە دیموکراسی هەژمار بکرێت. (Oxford, Internet).

**هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠٢١)دا:**

دروستبونی ناڕەزایەتییەکانی تشرینی یەکەمی (٢٠١٩) لە سەرتاسەری عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) و داواکاری هاووڵاتیان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دانانی سیستمێکی نوێ بۆ نوێنەرایەتی پەرلەمانی، بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەی (٢٠٢١)ی هێنایە ئاراوە. ڕۆژی (1ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) خۆپیشاندان لە بەغداوە دەستی پێکرد، تەواوی ناوەڕاست و باشوری وڵاتی گرتەوە، داوای خۆپیشاندەران ئەنجامدانی چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بو، پاشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە سیستمێکی نوێی نوێنەرایەتی گۆڕا. (زوم

نیوز، ئینتەرنێت). لە ڕۆژی هەینی (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩) سەرۆکوەزیران (عادل عەبدولمەهدی) کە لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرابو، دەستی لەکار کێشایەوە و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەندکرد. (خەندان1، ئینتەرنێت). لە ڕۆژی (٢٤ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩) پەرلەمانی عێراق دەنگیان لەسەر یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا، جگە لە ماددەی (١٥)ی یاساکە کە تایبەتە بەبازنەکانی هەڵبژاردن. ئەم ماددەیە لەدوای مشتومڕی لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، دەنگی لەسەر درا. (خەندان ٢، ئینتەرنێت).

سیستمی نوێی هەڵبژاردنی عێراق بازنەکانی هەڵبژاردنی بچوککردەوە و دەستەڵاتی حزبەکانیشی کەم کردەوە، وڵات بۆ (٨٨) بازنەی هەڵبژاردن دابەش کرا کە لە هەر بازنەیەک کێبەرکێی توند لەنێوان کاندیدەکانی دادەبو بۆ بەدەستهێنانی سێ یان چوار کورسی سنوری بازنەکە. (نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان ١، 2021، 1).

ئەم هەڵبژاردنە جگە لەوەی بەیاسای نوێ و سیستمی نوێ بەڕێوەچو، لەڕوی تەکنیکیشەوە جیاوازبو لە هەڵبژاردنەکانیترو ڕێکاری گرنگ بۆ پاراستنی پاکوبێگەردی هەڵبژاردنەکە گیرایەبەر، هەروەها حکومەتی عێراق داوای لە یونامی کرد کە هاوکاری پرۆسەکە بێت لەڕوی لۆجستی و چاودێری پرۆسەکەش بکات. (نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان 2، 2021، 1).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بەڕێوەچونی بو بەشێوەی ئەلیکترۆنی، بەگوێرەی ماددەی (٣٨)ی یاساکەش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەبێ پشت بەئامێری ئەلیکترۆنی تایبەت بەخێراکردنی ئەنجامەکانی دەنگدان ببەستێت، پابەندبێ بە ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان لەدوای (٢٤) کاتژمێر لەدوای تەواو بونی پرۆسەی هەڵبژاردن. (الوقائع العراقية، ئینتەرنێت).

سەبارەت بە ڕێکارەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەش، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی (١٠ تشرینی یەکەم)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەکۆمەڵێک ڕێکاری جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی وڵاتەکە بەڕێوەچو، تیایدا میدیاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕوماڵکردنیدا گێڕا کە تەوەرەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە.

**سێیەم: پراکتیکی توێژینەوەکە**

**پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان**

**یەکەم: پێگەی ئێن ئارڕ تی NRT**

کۆمپانیای نالیا بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەبازارکردنی میدیا (NRT) دامەزراوەیەکی میدیاییە لە هەرێمی کوردستان و خۆی بە (یەکەمین تۆڕی میدیایی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان) ناساندوە، ئۆفیسی سەرەکی لە شاری سلێمانییە. ئەم تۆڕە لە ساڵی (٢٠١٠) لایەن چەند ڕۆژنامەنوسێکەوە دامەزرا و لە لایەن "کۆمپانیای نالیا" بودجەی بۆ دابین دەکرێت.

دیجیتاڵ میدیای "ئێن ئار تی" بەشێکە لە کۆمپانیای نالیا، پێکدێت لە "شەش پێگە و سێ ئەپلیکەیشنی مۆبایل".
پێگەی "ئێن ئارڕ تی" بەنا نیشانی www.nrttv.com یەکێکە لە پێگەکانی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارڕ تی، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەدات بە تایبەتی هەواڵی کوردستان، بەشێوەزارەکانی (سۆرانی – بادینی -لاتینی)ی زمانی کوردی و زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بابەت بڵاودەکاتەوە. (ئێن ئارڕ تی، 2023، ئینتەرنێت).

**دوەم: پێگەی "ڕوداو"**

تۆڕی میدیایی ڕوداو، دامەزراوەیەکی میدیاییە و بەرهەمەکانی بەشێوەی نوسراو، بینراو و بیستراو بڵاودەکاتەوە. ناوەندی سەرەکی تۆڕی میدیایی ڕوداو لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە. بەرهەمەکانی بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی بڵاودەکاتەوە و لەلایەن کۆمپانیای ڕوداو بۆ کاری ڕاگەیاندن پشتیوانی دەکرێت و خاوەندارێتی دەکرێت. پێگەی "ڕوداو" بەناونیشانی www.rudaw.net بەشێکە لە پۆرتاڵی ڕوداو کە لەسەر ئینتەرنێت لە ماڵپەڕێك

زیاترە و چەندین ئەپلیکەیشن و خزمەتگوزاری دیکەی هەیە. پێگەی ڕوداونێت کۆکراوەی بەرهەمەکانی تۆڕی میدیایی ڕوداوە کە لە (تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ماڵپەڕ، ڕۆژنامە و پەرتوکەکانی ڕوداو) پێکدێت. (ڕوداو، 2023 ئینتەرنێت).

**ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە**

خشتەی (1) ناوەڕۆکی هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ناوەڕۆکی هەواڵ | ئێن ئار تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| پەیوەست بە هەڵبژاردن | 173 | 15.7 | 325 | 27.8 | 498 | 21.9 | 1 |
| سیاسی | 104 | 9.4 | 144 | 12.3 | 248 | 10.9 | 3 |
| ئەمنی | 133 | 12.1 | 128 | 10.9 | 261 | 11.5 | 2 |
| ئابوری | 130 | 11.8 | 114 | 9.8 | 244 | 10.7 | 4 |
| کارگێڕی و وەزارەتەکانی هەرێم | 116 | 10.5 | 29 | 2.5 | 145 | 6.4 | 5 |
| کۆمەڵایەتی | 47 | 4.3 | 54 | 4.6 | 101 | 4.4 | 9 |
| تەندروستی | 67 | 6.1 | 69 | 5.9 | 136 | 6.0 | 7 |
| ڕوداوی هاتوچۆ | 63 | 5.7 | 14 | 1.2 | 77 | 3.4 | 11 |
| کەشوهەوا | 75 | 6.8 | 19 | 1.6 | 94 | 4.1 | 10 |
| ململانێی هەرێمی | 38 | 3.4 | 37 | 3.2 | 75 | 3.3 | 13 |
| ململانێی نێودەوڵەتیی | 67 | 6.1 | 77 | 6.6 | 144 | 6.3 | 6 |
| زانست و تەکنەلۆژیا | 43 | 3.9 | 35 | 3.0 | 78 | 3.4 | 12 |
| ئەدەبی و ڕۆشنبیری | 3 | 0.3 | 21 | 1.8 | 24 | 1.1 | 14 |
| ئاینی | 11 | 1.0 | 9 | 0.8 | 20 | 0.9 | 15 |
| هەواڵی دیکە | 33 | 3.0 | 94 | 8.0 | 127 | 5.6 | 8 |
| کۆی گشتی | 1103 | 100 | 1169 | 100 | 2272 | 100 | |

ئەم خشتەیە بابەتەکانی ناوەڕۆکی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ئێن ئار تی" و "ڕوداو" لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەخاتەڕو. "هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن" لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (21.9%). بەجیاوازییەکی زۆریش بابەتی "هەواڵی ئەمنی" بەڕێژەی (11.5%) لە پلەی دوەم دێت. بابەتی "هەواڵی سیاسیی" بە ڕێژەی (10.9%) لە پلەی سێیەمدایە. پاشان بابەتی "هەواڵی ئابوریی" بەڕێژەی (10.7%) لە پلەی چوارەمدایە. پاشان هەواڵەکانی دیکە پلەکانیتریان گرتوە.

لێرەدا ڕون دەبێتەوە کە ڕوماڵی "هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن" زۆرترین پانتایی لە ناوەڕۆکی هەواڵی هەردو پێگەکە بۆخۆی داگیرکردوە. بە ڕای توێژەر ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان گرنگییان بە ڕوماڵی لایەنە جیاوازەکانی هەڵبژاردنەکە داوە، هەڵبژاردنەکەش بایەخێکی زۆری لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەبوە بۆیە پرسەکانی هەڵبژاردن لە ڕیزبەندی یەکەمی ڕوماڵی هەواڵی پێگەکاندایە.

لەلایەکی دیکەوە هەواڵی پرسەکانی "ئەمنیی، سیاسیی و ئابوریی" پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانەوە لەدوای "هەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن" زۆرترین پانتاییان لە پێگەکاندا داگیرکردوە، ئەمەش دەرخەری ئەو واقیعەیە

هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دراوە کە وڵات کەوتبوە دۆخێکی ناسەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و ئابوریی و بۆ دەرچون لەو ناسەقامگیرییە هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەران هیوای لەسەر هەڵچنرابو.
لێرەوە ڕون دەبێتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان گرنگییان بە بەهای "نزیکی" ڕوداوەکان داوە و کاریگەری لەسەر ڕوماڵی هەواڵەکان هەبوە و پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە.

خشتەی (2) ڕوماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا 15-9- 2021 بۆ 8- 10- 2021

| جۆری بابەت / پێگەی ئەلیکترۆنی | ئێن ئار تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| پرۆسەی ئامادەکاری تەکنیکیی و چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان | 18 | 18.6 | 12 | 8.5 | 30 | 12.6 | 2 |
| ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن سەبارەت بە بانگەشە | 3 | 3.1 | 5 | 3.5 | 8 | 3.3 | 9 |
| پێشێلکارییەکان و دورخستنەوەی کاندیدان | 0 | 0 | 8 | 5.6 | 8 | 3.3 | 9 دوبارە |
| کاریگەرییە ناوخۆییەکان | 8 | 8.2 | 2 | 1.4 | 10 | 4.2 | 8 |
| هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان | 8 | 8.2 | 15 | 10.6 | 23 | 9.6 | 5 |
| کاندیدە سەربەخۆکان | 0 | 0 | 1 | 0.7 | 1 | 0.4 | 11 |
| هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەبارەی هەڵبژاردنەکەوە | 16 | 16.5 | 7 | 4.9 | 23 | 9.6 | 5 دوبارە |
| ئامادەکاریی و هەڵمەتی بانگەشەی لایەنەسیاسییەکان | 0 | 0 | 39 | 27.5 | 39 | 16.3 | 1 |
| پێکهاتەکان و کورسی ژنان | 0 | 0 | 4 | 2.8 | 4 | 1.7 | 10 |
| کاندیدی لایەنە سیاسییەکان و دروشمەکانیان | 1 | 1.0 | 13 | 9.2 | 14 | 5.9 | 7 |
| یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن پەیوەست بە دەنگدەران | 17 | 17.5 | 8 | 5.6 | 25 | 10.5 | 4 |
| هەڵوێستی هەرێمی | 0 | 0 | 1 | 0.7 | 1 | 0.4 | 11 دوبارە |
| هەوڵ و مەترسییەکانی ساختەکاری | 4 | 4.1 | 1 | 0.7 | 5 | 2.1 | 10 |
| هۆشیاریی و هاندانی بەشداریی لە هەڵبژاردن | 13 | 13.4 | 8 | 5.6 | 21 | 8.8 | 6 |
| ڕێکاری ئیداری و پاراستنی ئەمنیەتی هەڵبژاردن | 9 | 9.3 | 18 | 12.7 | 27 | 11.3 | 3 |
| کۆی گشتی | 97 | 100 | 142 | 100 | 239 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆرەکانی بابەتی ڕوماڵی هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ئێن ئار تی"و "ڕوداو" ڕون دەکاتەوە. بابەتی "ئامادەکاریی و هەڵمەتی بانگەشەی لایەنەسیاسییەکان" بەڕێژەی (16.3%) لە پلەی یەکەمی ڕوماڵی هەواڵی پێگەکان دێت. بابەتی "پرۆسەی ئامادەکاری تەکنیکیی و چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان" بە ڕێژەی (12.6%) لە پلەی دوەم دێت. لە پلەی سێیەمیش بابەتی "ڕێکاری ئیداری و پاراستنی ئەمنیەتی هەڵبژاردن"دێت بە ڕێژەی (11.3%).

بەگوێرەی ئەم داتایانە ڕوندەبێتەوە، هەردو پێگەی نمونەی توێژینەوەکە گرنگی زۆریان بە هەڵمەتی بانگەشەی لایەنەسیاسییەکان داوەو پانتاییەکی زۆریان بۆ تەرخان کردوە، لەبەرامبەریشدا، کەمترین گرنگییان بە ڕوماڵی کار و چالاکییەکانی کاندیدە سەربەخۆکان داوە لەماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، توێژەر پێیوایە ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کارکردنی پێگەکانی "ئێن ئارِ تی" و "ڕوداو" کە هەریەکەیان ئینتیمایان بۆ لایەنێکی سیاسیی بەشدار لە هەڵبژاردنەکەدا هەیە و کەمتر بایەخیان بە کاندیدانی سەربەخۆ و لایەنەکانی دیکە داوە.

خشتەی (3) ڕوماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕۆژانی دەنگدانی (گشتی و تایبەت)دا

| پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری بابەت | ئێن ئارِ تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| هەواڵ لەبارەی پێشێلکارییەکانەوە | 1 | 2.6 | 4 | 3..3 | 5 | 3.1 | 8 |
| گرفتە تەکنیکییەکانی هەڵبژاردن | 3 | 7.7 | 13 | 10.8 | 16 | 10.1 | 3 |
| بەشداری هاووڵاتیانەوە | 11 | 28.2 | 21 | 17.5 | 32 | 20.1 | 1 |
| بڵاوکردنەوەی ئەنجامی نافەرمی | 7 | 17.9 | 25 | 20.8 | 32 | 20.1 | 1 دوبارە |
| بەشداری بەرپرسە باڵاکان | 3 | 7.7 | 16 | 13.3 | 19 | 11.9 | 2 |
| هەوڵدان بۆ ساختەکاری | 0 | 0 | 1 | 0.8 | 1 | 0.6 | 9 |
| نوێنەری کیانە سیاسییەکان | 0 | 0 | 1 | 0.8 | 1 | 0.6 | 9 دوبارە |
| ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆن | 6 | 15.4 | 9 | 7.5 | 15 | 9.4 | 4 |
| زانیاری لەبارەی هەڵبژاردەکەوە | 2 | 5.1 | 6 | 5.0 | 8 | 5.0 | 6 |
| پاراستنی ئەمنیەتی دەنگدەران | 3 | 7.7 | 5 | 4.2 | 8 | 5.0 | 6 دوبارە |
| هەڵوێستی چاودێری نێودەوڵەتی | 2 | 5.1 | 6 | 5.0 | 8 | 5.0 | 6 دوبارە |
| بڵاوکردنەوەی ئەنجامی بەرایی | 0 | 0 | 6 | 5.0 | 6 | 3.8 | 7 |
| هەڵوێستی سیاسی | 1 | 2.6 | 7 | 5.8 | 8 | 5.0 | 6 دوبارە |
| کۆی گشتی | 39 | 100 | 120 | 100 | 159 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆری ئەو بابەتانە ڕوندەکاتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە "ڕۆژانی دەنگدانی تایبەت و گشتی" ڕوماڵیان کردوە. هەواڵی "بەشداری هاووڵاتیان" و "بڵاوکردنەوەی ئەنجامی نافەرمی" بەرێژەی (20.1%) لە پلەی یەکەمدێت. لە پلەی دوەمیش " دەنگدانی کەسایەتی و بەرپرسەباڵاکان" دێت بە ڕێژەی (11.9%). هەواڵی "گرفتە تەکنیکییەکانی هەڵبژاردن" بەرێژەی (10.1%) پلەی سێیەمی ڕوماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی گرتوە. هەرچی بابەتی "هەوڵدان بۆ ساختەکاریی"، "پێشێلکارییەکان، و نوێنەری کیانە سیاسییەکان"ە لە پلەکانی کۆتایی (هەشتەم و نۆیەم) دێت بەرێژەی (3.1%) و(0.6%).

پێگەکانی "ئێن ئارِ تی" و "ڕوداو" گرنگییەکی زۆریان بە ڕوماڵی "بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن" و "بڵاوکردنەوەی ئەنجامە نافەرمییەکان" داوە، بەڵام زۆرجار ئەنجامە نافەرمییەکانیان لە نوێنەرانی کیانێکی سیاسی دیاریکراو یان لە ڕێگەی پەیامنێرانیانەوە زانیارییەکانیان بەدەستیان گەیشتوە و بڵاویان کردوەتەوە، هەندێکجاریش لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکاندا ئاماژەیان بەهیچ سەرچاوەیەک نەکردوە. بەمەش ڕون دەبێتوە پێگە ئەلیکترۆنییەکان "خێرایی گواستنەوەی بابەتەکان"یان پێش "بنەمای وردیی و ڕاستی" بابەتەکان خستوە. ڕوماڵی بەشداری بەرپرسە باڵاکان لە هەڵبژاردنەکەدا لە

پلەی دوەمی ڕیزبەندی گرنگی پێدانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوەکە دێت، کە بەڕای توێژەر هۆکاری ئەو گرنگی پێدانە بەشێکی بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

خشتەی (4) ڕوماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان پاش هەڵبژاردن 11-10-2021 بۆ14-10-2021

| پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری بابەت | ئێن ئار تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| بڵاوکردنەوەی ئەنجام لە سەرچاوەی فەرمییەوە | 5 | 13.5 | 6 | 9.5 | 11 | 11.0 | 3 |
| بڵاوکردنەوەی ئەنجام لە سەرچاوە نافەرمییەکان | 5 | 13.5 | 11 | 17.5 | 16 | 16.0 | 2 |
| گومان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان | 2 | 5.4 | 7 | 11.1 | 9 | 9.0 | 5 |
| هەواڵ لەبارەی کاندیدەکانەوە | 5 | 13.5 | 6 | 9.5 | 11 | 11.0 | 3 دوبارە |
| هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لەبارەی ئەنجامەکانەوە | 12 | 32.4 | 23 | 36.5 | 35 | 35.0 | 1 |
| ڕاگەیەنراوەکانی کۆمسیۆن | 4 | 10.8 | 6 | 9.5 | 10 | 10.0 | 4 |
| ڕاپۆرت و بۆچونی چاودێرانی نێودەوڵەتی | 4 | 10.8 | 4 | 6.3 | 8 | 8.0 | 6 |
| بۆچونی چاودێرانی ناوخۆیی | - | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 37 | 100 | 63 | 100 | 100 | 100 | |

ئەم خشتەیە ڕوماڵی هەواڵی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ "ڕۆژانی دوای هەڵبژاردن" ڕوندەکاتەوە. بابەتی "هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن" بەڕێژەی (٣٥%) لە پلەی یەکەم دێت. لە پلەی دوەمیش بابەتی "بڵاوکردنەوەی ئەنجام لە سەرچاوە نافەرمییەکان" دێت بە ڕێژەی (١٦%). بڵاو کردنەوەی "ئەنجامە فەرمییەکان" و "هەواڵ لەبارەی کاندیدەکان"ی هەڵبژاردن لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١١%). بابەتەکانی دیکەش پلەکانی دیکەیان گرتوە.

ئەم ئەجامانە ڕونی دەکاتەوە، پێگەکانی "ئێن ئار تی" و "ڕوداو" گرنگییەکی ئەوتۆیان بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان داوە و پانتاییەکی بەرفراوانیان لە ڕوماڵی هەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵبژارد بۆ تەرخان کردوە، بە ڕای توێژەر ئەمە بۆ کاریگەری پارتەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەگەڕێتەوە. هەردو پێگەکە بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی ئەنجامە "فەرمیی" و " نافەرمییەکان"ی هەڵبژاردنەکە داوە، ئەگەرچی پێگەی "ئێن ئار تی" ژمارەی هەواڵە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە"ئەنجامە نافەرمیی" و "ئەنجامە فەرمییەکان" هاوتایە بەڵام پێگەی "ڕوداو" زیاتر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەنجامە نافەرمییەکان داوە، و بەشی زۆری ئەو ئەنجامە نافەرمیانەی لە پارتێکی سیاسیی دیاریکراو دەستکەوتوە و بڵاوی کردوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا پێگەی ئێن ئار تی بەشی زۆری هەواڵی ئەنجامە نافەرمییەکانی لەڕێگەی پەیامنێرەکانەوە بەدەست گەیشتوە.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، گرنگی نەدانی پێگەکانە بە ڕاپۆرت و بۆچونەکانی چاودێرانی ناوخۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، چالاکی و ڕاپۆرتەکانیان نەبوەتە جێگەی سەرەنجی پێگەکان و هیچ هەواڵێکیان لەو بارەیەوە بڵاونەکردوەتەوە، لە بەرامبەریشدا (٨%) ی هەواڵەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن بۆ بابەتی "ڕابۆچونی چاودێرانی نێودەوڵەتی لەبارەی هەڵبژاردنەکەوە" تەرخان کراوە.

خشتەی (5) ناوەڕۆکی هەواڵەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردن لەڕوی جوگرافییەوە

| پێگەی ئەلیکترۆنی / لەڕوی جوگرافییەوە | ئێن ئارتی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| ناوخۆ | 151 | 87.3 | 316 | 97.2 | 467 | 93.8 | 1 |
| هەرێمی | 0 | 0.0 | 1 | 0.3 | 1 | 0.2 | 3 |
| جیهانیی | 22 | 12.7 | 8 | 2.5 | 30 | 6.0 | 2 |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە ناوەڕۆکی ڕوماڵی هەواڵی تایبەت بە هەڵبژاردن لەڕوی جوگرافییەوە دەخاتەڕو. پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم ڕوماڵی هەواڵە ناوخۆییەکانی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنیان کردوە بە ڕێژەی (٩٣,٨%). لە پلەی دوەمیش هەواڵە حیهانییەکان دێت بە ڕێژەی (٦,٠%). هەواڵی هەرێمیش کە پەیوەستە بە "وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە" لە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەی (0.2%) لە هەواڵی پێگەکان پێکدەهێنێت.

لێرەوە ڕون دەبێتەوە، پێگەکانی "ئێن ئارتی" و "ڕوداو" گرنگییەکی زۆریان بە هەواڵی پێشهات و زانیارییە ناوخۆییەکان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوە. لەلایەکی دیکەشەوە کەمترین گرنگییان بە هەڵوێستە هەرێمایەتی و بۆچونی وڵاتانی دراوسێ داوە لەبارەی هەڵبژاردنەکەوە. بە ڕای توێژەر بەهۆی هەستیاری دۆخەکە و دەنگی ناڕەزایی لە شەقامی عێراقی دژی دەستێوەردانی وڵاتان، هەوڵیان داوە خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە بپارێزن.

خشتەی (6) شێوەی ڕوماڵکردنی هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا

| پێگەی ئەلیکترۆنی / شێوەی ڕوماڵ | ئێن ئارتی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| هەواڵی بەپەلە | 13 | 7.5 | 21 | 6.5 | 34 | 6.8 | 3 |
| هەواڵ | 58 | 33.5 | 192 | 59.1 | 250 | 50.2 | 1 |
| ڕاپۆرتە هەواڵ | 102 | 59.0 | 112 | 34.5 | 214 | 43.0 | 2 |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە شێوازی ڕوماڵی پێگەکانی "ئێن ئارتی" و "ڕوداو" بۆ هەواڵەکانی هەڵبژاردن ڕون دەکاتەوە. شێوەی "هەواڵ" لەڕوماڵی هەردو پێگەکە پلەی یەکەمی بە ڕێژەی (٥٠,٢%) وەرگرتوە. لە پلەی دوەمیش شێوەی "ڕاپۆرتە هەواڵ" دێت بە ڕێژەی (٤٣%). لە پلەی کۆتاییش شێوەی "هەواڵی بەپەلە"دێت بە ڕێژەی (٦,٨%). هەروەها پێگەی "ئێن ئارتی" زیاتر گرنگی بە "ڕاپۆرتە هەواڵ" داوەو لە پلەی یەکەمدایە بەڕێژەی (٥٩%) بەراورد بەپێگەی "ڕوداو" کە لەڕوماڵەکانیدا زیاتر شێوەی "هەواڵ"ی بەکارهێناوە و بەڕێژەی (٥٩,١%) لە پلەی یەکەمدایە.

بەشی هەرەزۆری "هەواڵە بەپەلە"کان پەیوەستبوە لە پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە پەیوەستە بەبڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان و ڕێژەی دەنگی لایەنەکان لە ڕۆژانی دەنگدانی "گشتی و تایبەت"دا.

خشتەی (7) جۆری ناونیشانی هەواڵەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ناونیشانەکان لە هەواڵ | ئێن ئار تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| زانیاری – هەواڵی | 127 | 73.4 | 218 | 67.1 | 345 | 69.3 | ١ |
| هەڵگری بۆچونێک"لێدوان" | 35 | 20.2 | 101 | 31.1 | 136 | 27.3 | ٢ |
| پرسیاری | 10 | 5.8 | 3 | 0.9 | 13 | 2.6 | ٣ |
| تەنز ئامێز | 1 | 0.6 | 3 | 0.9 | 4 | 0.8 | ٤ |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆری ناونیشانی هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی "ئێن ئار تی" و "ڕوداو" ڕوندەکاتەوە. ناونیشانی "زانیاری - هەواڵی" بەڕێژەی (٦٩,٣%) پلەی یەکەمی گرتوە. لە پلەی دوەمیش ناو نیشانی "لێدوان یان هەڵگری بۆچونێک"دێت بە ڕێژەی (٢٧,٣%). هەریەکە لە ناونیشانی "پرسیاری و تەنزئامێز" بەڕێژەی (٦,٢%) و (0.8%) لە پلەی سێیەم و چوارەم دێن.

لێرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە، پێگەکانی نمونەی توێژینەوە بەزۆری ناونیشانی زانیاری بەکاردەهێنن، بە ڕای توێژەر ئەمەش بۆ سەرەنج ڕاکێشانی وەرگر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەگەڕێتەوە. جۆری ناو نیشانی "هەڵگری بۆچونێک" زۆرینەی جارەکان لەو هەواڵانەدا بەکارهێنراون کە لێدوانی کەسایەتییەکی ناسراو یان بەرپرسێکی باڵا لە هەواڵەکەدا بەکارهێنراوە.

خشتەی (8) جۆری ناوەڕۆک ڕوماڵی هەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا

| پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری ناوەڕۆک | ئێن ئار تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| بێلایەن | 60 | 34.7 | 120 | 36.9 | 180 | 36.2 | 2 |
| ئەرێنیی | 75 | 43.4 | 106 | 32.6 | 181 | 36.3 | 1 |
| نەرێنیی | 24 | 13.9 | 89 | 27.4 | 113 | 22.7 | 3 |
| تێکەڵ | 14 | 8.1 | 10 | 3.1 | 24 | 4.8 | 4 |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆری ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە ڕوندەکاتەوە کە پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە بڵاویان کردوەتەوە. ناوەڕۆکی هەواڵی "ئەرێنیی" بە ڕێژەی (٣٦,٣%) پلەی یەکەمی گرتوە. بە جیاوازییەکی زۆر کەم و لە پلەی دوەم ناوەڕۆکی هەواڵی "بێلایەن" دێت بە ڕێژەی (٣٦,٢%). ناوەڕۆکی هەواڵە "نەرێنیی"یەکانیش پلەی سێیەمی لە ڕوماڵی پێگەکان داگیرکردوە بەڕێژەی (٢٢,٧%). لە ڕیزبەندی کۆتاییش هەواڵە تێکەڵەکان دێت کە مەبەست لێی هەڵگری ناوەڕۆکی "ئەرێنی و نەرێنییە" لەهەمان کاتدا کە ڕێژەی (٤,٨%).

پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوەکە زۆرترین پانتاییان بۆ ڕوماڵی ئەو هەواڵانە تەرخان کردوە کە هەڵگری بیرۆکەیەکی ئەرێنین لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە. پانتاییەکی فراوانیان بۆ گواستنەوەی زانیارییە "بێلایەن"ەکان تەرخانکردوە.

خشتەی (9) ئاراستەی ناوەڕۆکی ڕوماڵی هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ئاراستەی ناوەڕۆک | ئێن ئاڕ تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| ڕوماڵی شرۆڤەکردن | 99 | 57.2 | 96 | 29.5 | 195 | 39.2 | 2 |
| ڕوماڵی بێلایەن | 31 | 17.9 | 182 | 56.0 | 213 | 42.8 | 1 |
| ڕوماڵی لایەنگیر | 43 | 24.9 | 47 | 14.5 | 90 | 18.0 | 3 |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە ئاراستەی ناوەڕۆکی ڕوماڵی هەواڵی پێگەکانی "ئێن ئاڕ تی" و "ڕوداو" دەخاتەڕو. لە کۆی ڕوماڵی هەواڵی هەڵبژاردن لە هەردو پێگەکە هەواڵی "بێلایەن" لە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (٤٢,٨%). لە پلەی دوەمیشدا ئەو هەواڵانەن کە "ڕوماڵی شرۆڤەکردن"بون بە ڕێژەی (٣٩,٢%). پلەی سێیەمیش "ڕوماڵی لایەنگیر" دێت بەڕێژەی (١٨%).

ئەگەر تەماشای داتای هەریەک لە پێگەکان بکەین ڕوندەبێتەوە، پێگەی "ئێن ئار تی" زۆرترین پانتایی بۆ "هەواڵی شرۆڤەکردن" تەرخان کردوە بەڕێژەی (٥٧,٢%). لە پاش ئەویش ڕوماڵی "لایەنگیرانە" دێت بە ڕێژەی (٢٤,٩%). لە پلەی سێیەمیش ڕوماڵی "بێلایەن" بە ڕێژەی (١٧,٩%).

بە ڕای توێژەر ئەم ئەنجامانەی پێگەی "ئێن ئاڕ تی" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پێگەکە دەیەوێت خۆی وەک دەزگایەکی بێلایەن لە پرسە پەیوەستەکانی هەڵبژاردن پشان بدات، و ئەو هەواڵانەی شرۆڤەی بابەتێک دەکەن لە پلەی یەکەمی ڕوماڵ کردنەکەدێن، بەڵام پێگەکە نەیتوانیوە لایەنگری خۆی بشارێتەوە و بەهاوسەنگی بمێنێتەوە، لە چەندین هەواڵدا ئاراستەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لایەنگیرانە بوە بۆ لایەنێکی دیاریکراو لە زۆر هەواڵدا تەنها پشتی بە لێدوانی یەک لایەنی گواستوەتەوە لەکاتێکدا بۆ پاراستنی هاوسەنگی پێویستبو بۆچونی بەرامبەر سەبارەت بە پرسەکە وەربگیرایە و بڵاوبکرایەتەوە. ئەگەرچی پێگەی "ڕوداو"یش نەیتوانیوە لە "لایەنگری" لە بەشێک لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا خۆی بپارێزێت.

خشنەی (10) سەرچاوەی هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا

| پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری سەرچاوە | ئێن ئاڕ تی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| سەرچاوەی تایبەت بە پێگە | ١٦ | ٩,٢ | ١٠٢ | ٣١,٤ | ١١٨ | ٢٣,٧ | ١ |
| پەیامنێران | ٧ | ٤,٠ | ٥٩ | ١٨,٢ | ٦٦ | ١٣,٣ | ٣ |
| ڕاگەیەنراوی لایەنەکان | ٣٨ | ٢٢,٠ | ٧٥ | ٢٣,١ | ١١٣ | ٢٢,٧ | ٢ |
| سەرچاوەی نادیار | ١٣ | 7.5 | 3 | 0.9 | 16 | 3.2 | 7 |
| ئاژانسەکان | 11 | 6.4 | 1 | 0.3 | 12 | 2.4 | 8 |
| پێگە هەواڵییە ناوخۆییەکان | 8 | 4.6 | 1 | 0.3 | 9 | 1.8 | 9 |
| ڕۆژنامە کاغەزییەکان | 1 | 0.6 | 0 | 0.0 | 1 | 0.2 | 11 |
| ڕادیۆ و کەناڵە ناوخۆییەکان | 6 | 3.5 | 0 | 0.0 | 6 | 1.2 | 10 |
| ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 19 | 11.0 | 16 | 4.9 | 35 | 7.0 | 6 |
| ئاماژەنەکردن بەسەرچاوە | 31 | 17.9 | 22 | 6.8 | 53 | 10.6 | 5 |
| کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان | 23 | 13.3 | 37 | 11.4 | 60 | 12.0 | 4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرنەڤاڵی بانگەشەی لایەنەکان | 0 | 0.0 | 9 | 2.8 | 9 | 1.8 | 9 دوبارە |
| کۆی گشتی | 173 | 100 | 325 | 100 | 498 | 100 | |

ئەم خشتەیە سەرچاوەی هەواڵی پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو. بە گوێرەی داتاکان "سەرچاوەی تایبەت بە پێگەکان" لە پلەی یەکەمی سەرچاوەی هەواڵی پێگەکان دێت بە ڕێژەی (٢٣,٧%). لە پلەی دوەمیش "ڕاگەیەنراوی لایەنەکان" دێت بە ڕێژەی (٢٢,٧%). پشتبەستنی پێگەکان بە "پەیامنێران" لە وەرگرتنی زانیارییەکان لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (١٣,٣%). لە پلەی چوارەمیش "کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان" دێت بە ڕێژەی (١٢,٠%).

لێرەدا هەوڵی پێگەکان بۆ پشتبەستن بەسەرچاوەی زانیارییەکان ڕوندەبێتەوە، زۆرجار لە ڕێگەی ڕۆژنامەنوسی ئامادەکاری هەواڵەوە بە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە زانیارییەکان بەدەست دێت، هەروەها پشتبەستنی پێگەکان بە پەیامنێران بۆ وەرگرتنی زانیاری لە شوێنی ڕوداوەکان و پاش بەدواداچون، خاڵی ئەرێنییە بۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوەکە. لەلایەکیترەوە زۆرجار پێگەکان بەبێ ئاماژەدان بەسەرچاوەی هەواڵ زانیارییەکان بڵاودەکەنەوە کە ئەمە پێشێلکردنی بنەمایەکی سەرەکی کاری ڕاگەیاندنە و بەمکارە متمانەی وەرگر بە زانیارییەکان کەم دەبێتەوە. بەگوێرەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەنەدان بە سەرچاوە ڕێژەیەکی بەرزی لە ڕوماڵی پێگەکان بۆ هەواڵی هەڵبژاردنەکان وەرگرتوە کە (١٠,٦%) و لە پلەی پێنجەمدایە.

خشتەی (11) بەکارهێنانی مەڵتیمیدیا لە ناوەڕۆکی هەواڵی پێگە ئەایکترۆنییەکان

| پێگەی ئەلیکترۆنی / بەکارهێنانی مەڵتی میدیا | ئێن ئارتی | | ڕوداو | | کۆی گشتی | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | |
| وێنەی سەرەکی | 143 | 19.5 | 300 | 21.0 | 443 | 20.5 | 3 |
| وێنە لە ناوەڕۆکی هەواڵ | 29 | 4.0 | 16 | 1.1 | 45 | 2.1 | 5 |
| ڤیدیۆ | 13 | 1.8 | 91 | 6.4 | 104 | 4.8 | 4 |
| دەنگ | 0 | 0 | 1 | 0.1 | 1 | 0 | 9 |
| کاریکاتێر | - | - | - | - | - | - | - |
| نەخشە و هێڵکاری | 4 | 0.5 | 1 | 0.1 | 5 | 0.2 | 8 |
| پۆستی سۆشیاڵمیدیا | 8 | 1.1 | 13 | 0.9 | 21 | 1.0 | 7 |
| هایپەرلینک | 519 | 70.9 | 10 | 0.7 | 529 | 24.5 | 2 |
| پەیوەستکردنی هەواڵی پەیوەندیدار | 5 | 0.7 | 975 | 68.4 | 980 | 45.4 | 1 |
| دەقی بەیاننامە | 11 | 1.5 | 19 | 1.3 | 30 | 1.4 | 6 |
| کۆی گشتی | 732 | 100 | 1426 | 100 | 2158 | 100 | |

ئەم خشتەیە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لای پێگەکانی نمونەی توێژینەوە ڕون دەکاتەوە. بەکارهێنانی وێنەی سەرەکی لە هەواڵی پێگەکان گرنگئەوەی لێرەدا جێگەی سەرەنج لەماوەی توێژینەوەکەدا هیچ "کاریکاتێر"ێک لە پێگەکانی "ئێن ئارتی" و "ڕوداو" بەکارنەهێنراوە، بەشێوەیەکی گشتی پێگەکان گرنگیان بە "پەیوەستکردنی هەواڵی پەیوەندیدار" داوە و لە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (57.1%) هەروەها دانانی هایپەرلینک لە نێو هەواڵەکان پلەی دوەمی وەرگرتوە بەڕێژەی (30.8%) بەکارهێنانی "ڤیدیۆ" کە خۆی لە "کورتەڤیدیۆ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی" دەبینێتەوە پلەی سێیەمی وەرگرتوە بە ڕێژەی (6.1%).

جیاوازی زۆری پێگەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی هایپەرلینک و هەواڵی پەیوەندیدار. پێگەی ڕوداو زۆرترین هەواڵی پەیوەندیداری پەیوەست بە هەواڵە بڵاوکراوەکانی کردوە، ئەمەش هاوکاری وەرگرەکات بە ڕەهەندە جیاوازەکان و پێشهاتە نوێیەکانی بابەتەکە، بەڵام پێگەی "ئێن ئار تی" بایەخی بە دانانی هایپەرلینکداوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا، کە زۆرجار لە سێ هایپەرلینک زیاتر دادەنرێت. ئەوەی جێگەی تێبینیە ئەو هایپەرلینکانەی لە نێو هەواڵەکان دادەنرێت، پەیوەست نییە بە بابەتە پەیوەندیدارەکەوە و لەگەڵ کردنەوەی هایپەرلینکەکە خوێنەر دەباتە پەڕەیەکی دیکەی پێگەکە و تایبەتە بە هەواڵێکی جیاواز، کە زۆرجار ئەو هەواڵانەنە کە ئەو ڕۆژە زۆرترین کاردانەوەی لەنێو جەماوەر هەبوە.

بەگشتی پێگەکان سودی ئەوتۆیان لەو توانا گەورەیەی میدیای ئەلیکترۆنی وەرنەگرتوە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی مەلتیمیدیا، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە کە دیارترینیان ناشارەزایی بواری پیشەیی و تەکنیکی ڕۆژنامەنوسانی کوردە بە میدیایی ئەلیکرترۆنی.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوە بایەخیان داوە بەڕوماڵی پرسە جیاوازەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەواڵ و زانیارییان بڵاوکردوەتەوە.
2. بایەخی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە هەواڵی پەیوەست بە هەڵبژاردن لە پلەی یەکەم دێت، پاشان بەپێی پلەبەندی هەواڵەکانی پەیوەست بەپرسەکانی ئاسایش، سیاسی، ئابوری.
3. لەماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان زۆرترین هەواڵیان لەبارەی "ئامادەکاریی و هەڵمەتی بانگەشەی لایەنە سیاسییەکان" بڵاوکردوەتەوە، پاشان بابەتی "پرۆسەی ئامادەکاری تەکنیکیی و چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان" زۆرترین بایەخی پێدراوە.
4. لە ڕۆژانی دەنگدانی تایبەت و گشتیدا، پێگە ئەلیکترۆنییەکان زۆرترین بایەخیان بە ڕوماڵی هەواڵی بەشداری هاووڵاتیان لە پرۆسەکە و ئەنجامە نافەرمییەکانی هەڵبژاردنەکە داوە، لە دوای ئەوانیش دەنگدانی بەرپرسە باڵاکان دێت.
5. هەوڵەکان بۆ ڕوماڵی ساختەکاری و پێشێلکاری لە پێگەکاندا لەئاستێکی نزمدایە.
6. پێگە ئەلیکترۆنییەکان، پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان بڵاوکردوەتەوەو پشتیان بە داتای حزبی و پەیامنێرەکانیان بەستوە.
7. پێگەکان لە ڕۆژانی پاش دەنگدان، گرنگیان بەڕوماڵی هەمەلایەنەی هەڵبژاردن داوە، بەپلەی یەکەم بەهەواڵی "هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن".
8. سەرەکیترین سەرچاوەی هەواڵی پێگەکانی نمونەی توێژینەوە بریتیبون لە سەرچاوە تایبەتەکانی پێگەکان و پەیامنێران.
9. لە زۆربەی بابەتە هەواڵییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان پەیوەستکردنی هەواڵی پەیوەندیدار و دانانی هایپەرلینک بە ڕێژەیەکی سنورداریش ڤیدیۆ بەکارهێنراوە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکان**

گرنگترین پێشنیاز و ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی پەیوەست بە پرسەکانی کۆمەڵگە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و میدیای نوێ.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ڕێژەی بەرپرسیارێتییان.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی ئاستی شارەزایی میدیاکارانی کورد لە بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی میدیایی نوێ لە پێگە

ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

## سەرچاوەکان


تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران، و ڕێشاوی، یەحیا عومەر ، (٢٠٢٠)، ***میدیای نوێ لەسایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا***، چاپی یەکەم، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، سلێمانی، عێراق.

شەبانی، ئەحمەد، (2010)، ***فەرهەنگی زانستی سیاسی***، چاپی یەکەم، دانشگاە کردستان، سنە، کۆماری ئیسلامی ئێران.

فەرهادی، حەمەد ساڵح، (1998)، ***چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنوسیی***، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، عێراق.

فەوزی، سامان، (2004)، ***میدیای ئینتەرنێتی وگرفتە یاساییەکانی***، وەرگێڕانی هونەر ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، عێراق.

فانگ، ئێرڤینگ، (2009)، ***مێژوی هۆیەلی ڕاگەیاندن شەش شۆڕشی زانیاری***، وەرگێڕانی گۆران سەباح، چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، عێراق.

عبداللە، باران محەمەد ، (2016)، ***ڕوماڵکردی وێبسایتی میدیا نێودەوڵەتییەکان بۆ پرسە کوردستانییەکان و کاریگەری لەسەر ئاستی زانینی ڕۆژنامەنوسان***، نامەی ماستەری چاپنەکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق.

محمد، ئازاد عبدالعزیز ، (2014)، ***بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن لاوانی زانکۆ و تێربونەکانیان***: توێژینەوەیەکی ڕوپێویە، نامەی ماستەری چاپنەکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق.

ئێن ئارِ تی، پێگەی ئەلیکترۆنی، (2023)، ***دەربارەی***، بابەتێکە لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.nrttv.com) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە: https://nrttv.com/About

خەندان1، پێگەی ئەلیکترۆنی، (2019)، ***پەرلەمانی عێراق دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی پەسەندکرد***، بابەتێکە لە بەرواری ٢٠19/12/1 لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.xendan.org) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە:

https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=82002&babet=2&relat=1024

خەندان ٢، پێگەی ئەلیکترۆنی، (2019)، ***بەبێ کورد، پەرلەمانی عێراق پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی پەسەندکرد***، بابەتێکە لە بەرواری ٢٠19/12/24 لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.xendan.org) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە:

https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=83819&babet=2&relat=1024

ڕوداو، پێگەی ئەلیکترۆنی، (٢٠٢٣). ***دەربارەی ئێمە***، بابەتێکە لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.rudaw.net) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە: https://www.rudaw.net/sorani/about

زوم نیوز، پێگەی ئەلیکترۆنی (2022)، ***تشرینییەکان، ئەمڕۆ یادی سێ ساڵەی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانیان کردەوە***، بابەتێکە لە بەرواری 2022/10/10 لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.zoomnews.info) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە: https://zoomnews.info/1023/

قزڵجی، حەسەن، (1978). ***کۆی بەرهەمی قزڵجی***، ئەم بەرهەمە لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.bools.vejin.net) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/7/14 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). بەردەستە لە:

https://books.vejin.net/ck/text/35167

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق1، (2021)، ***هەڵبژاردنی عێراق 2021:*** (پەڕەی ڕاستی ١)، بابەتێکە لە بەرواری 221/8/4 لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.iraq.un.org) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە:

https://iraq.un.org/sites/default/files/2021-08/Fact%20Sheet%201%20-%20Elections%20-%20Rev8_Kurdish.pdf

نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ هاوکاری عێراق2، (2021)، ***هەڵبژاردنی عێراق 2021***: (پەڕەی ڕاستی ٣)، بابەتێکە لە بەرواری 221/8/11 لە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.iraq.un.org) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە بەرواری 2023/8/18 سەردانەی ئەم پێگەیەی کردوە). ئەم بابەتە بەردەستە لە:

https://iraq.un.org/sites/default/files/2021-08/2021%2007%20Fact%20Sheet%203%20-%20UN%20role%20-%20Kurdish.pdf

أبو زيد، فاروق، (1981)، ***فن الخبر الصحفي***، منشورات عالم الكتب، ط 2 مزيدة ومنقحة، القاهرة.

بنتور، رفائيل لوبيز، (2000)، ***أجهزة إدارة الانتخابات***: مؤسسات لإدارة الحكم، البحث تقدمت لمكتب تطوير السياسات برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، الترجمة: المؤسسة الدولية للأنظمة الانتخابية، مكتب تطوير السياسات برنامج الأمم المتحدة الإنمائي، الطبعة الأولى، نيويورك.

الحمداني، بشرى حسين، (2012)، ***التغطية الصحفية الاستقصائية*** (تحقيقات عابرة للحدود)، دار اسامة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان، الأردن.

الحتو، محمد سلمان، (2012)، ***مناهج كتابة الأخبار الإعلامية و تحريرها***، دار سامة للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، عمان، الاردن.

علي، يسري حمزة، (2021)، ***التغطية الصحافة لمشكلات الشباب***، دار المجد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان، الاردن.

عبد العال، هاله محمود، (2017)، ***تقييم الدعاية السياحية في الانتخابات البرلمانية***، العربي للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، القاهرة، مصر.

عطية الله، أحمد، (1968)، ***القاموس السياسي***، دار النهضة العربية، الطبعة الثالثة، مصر.

فيضي، أنمار وحيد، (2016)، ***التغطية الإخبارية في الصحافة الإلكترونية***، دار أسامة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان، الأردن.

كمال الدين، مروة محمد، (2007)، ***مستقبل طباعة الصحف العربية رقميا***، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الأولى، القاهرة، مصر.

هيبة، محمود منصور، (2006)، ***الخبر الصحفي وتطبيقاته***، مركز إسكندرية للكتاب، الطبعة الأولى، الإسكندرية، مصر.

التميمي، هاشم حسن التميمي، عبدالاله، حسني رفعت حسني، (2018)، ***خدمات الموقع الإلكترونية***، دراسة تحليلية للمواقع الإخبارية (شبكة الإعلام العراقي، اليوم السابع، هافينغتون بوست عربي)، مجلة الباحث الإعلامي، جامعة بغداد كلية الإعلام، المجلد 2018، العدد 39، بغداد، العراق.

آل شافي، خالد مبارك، مكي، عبد المطلب صديق، العال، وائل عبد، (2022)، ***دور الصحافة القطرية في تغطية انتخابات مجلس الشورى (أكتوبر/ تشرين الأول 2021): دراسة تحليلية لعينة من صحيفتي "الراية" و"الشرق"***، مجله مركز الجزيرة للدراسات، العدد 15، السنة الرابعة، الدوحة، قطر.

المسيعدين، يوسف سلامة حمود، (2015)، ***الآثار السياسية للنظام الانتخابي في الأردن***، المجله المستقبل العربي، المجلد 37، العدد 433، لبنان.

حمه صالح، صادق حمه غريب، (2008)، ***الصحافة الالكترونية الكردية: دراسة مسحية للصحف الالكترونية الكردية (كلآورؤذنة, دةنطةكان,كوردستان نيت)***، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاعلام، قسم الصحافه، جامعة بغداد، العراق.

صادق، عباس مصطفى،(2005)، ***التطبيقات القليدية و المستحدثة للصحافة العربيية فى الانترنيت***، مؤتمر صحافة الإنترنيت فى عالم العربي: الواقع و التحديات، جامعة الشارقة، الإمارات العربية المتحدة.

محمد، صخري، (2020)، ***مفهوم الانتخابات – The Concept of Elections***، بابەتێکە لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٥ لە پێگەی (www.politics-dz.com) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە٢٠٢٣/7/14 سەردانی ئەم پێگەیەی کردوە). بەردەستە لەم بەستەرە: https://www.politics-dz.com/ar/%d9%85%d9%81%d9%87%d9%88%d9%85-%d8%a7%d9%84%d8%a7%d9%86%d8%aa%d8%ae%d8%a7%d8%a8%d8%a7%d8%aa-the-concept-of-elections

الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية، (2020)، ***قانون انتخابات مجلس النواب عراقي رقم*** (9)، بابەتێکە لە ژمارە 4603ی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠زایینی لە پێگەی فەرمی وەزارەتی دادی عێراق (www.moj.gov.iq) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە٢٠٢٣/٨/١٢ سەردانی ئەم پێگەیەی کردوە). بەردەستە لەم بەستەرە: https://moj.gov.iq/view.5200

Kevin Kawamoto, (2003), ***Digital Journalism***: Emerging Media and the Changing Horizons of Journalism, United States of America, ROWMAN & LITTLEFILD PUBLISHERS, INC.

Gattermann, Katjana& Meyer, Thomas& Wurzerm, Kathrina, (2022), **Who won the election? Explaining news coverage of election results in multi-party systems,** European Journal of Political Research, vol 61.

Salaverría, Ramón (2019), ***Digital journalism: 25 years of research. Review article***". El profesional de la información, vol. 28, no 1, e280101.

Britannica, The Dictionary, (2023), ***coverage***. https://www.britannica.com/dictionary/coverage
(Accessed 2 April 2023).
Merriam – Webster, (2023), ***Definition of website***. https://www.merriam-webster.com/dictionary/website
(Accessed 29 March 2023).
Oxford, Constitutional Law, (2017***), Elections***: By Sara Pennicino.
https://oxcon.ouplaw.com/display/10.1093/law-mpeccol/law-mpeccol-e256
(Accessed 17 July 2023).